
دەربارەی جیهانبینی

زیگمۆند فرۆید

وەرگێڕانی: شێروان ئیبراهیم



3 2 7 6 6

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library



ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند

ناوی کتێب: دەربارەی جیهانبینی
نووسەر: زیگمۆند فرۆید
وەرگێران: شێروان ئیبراهیم
بابەت: دەروونناسی
دیزاینی بەرگ: حەمەڕەش
دیزاینی تێکست: ڕەنجدەر جەبار
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم (٢٠٢٢)
چاپ و بلاوکار: ناوەندی ڕەهەند
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٢٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە ( )ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێ دراوە.

ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند
کوردستان - سلێمانی
07709309121
Nawandi Rahand

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

خانمان و بەربزان، لە دواییین دیدارمان باسمان لە هەندێک سەرقالیی سادەی نێو ژیانی رۆژانە کرد. با ئەمڕۆ بازێکی بوێرانە بدەین و وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە وا جاروبار لێرە و لەوێ دەکرێت: ئایا دەروونشیکاری ئاراستەمان دەکات بەرەو چەشنێک لە جیهانبینی؟ ئەگەر وایە، کامە جیهانبینی؟

«جیهانبینی» (Weltanschauung) تێگەیەکی ئەڵمانیی ئایینەتە، بەمەش دەترسم وەرگێڕانی بۆ زمانە بیانییەکان کەمێک ئاستەنگی لێ بکەوێتەوە؛ بۆیە هەر پێناسەیەکتان پێشکەشبکەم، رەنگە تەومژاویی و کەموکوڕت بێت. بەبڕوای من، جیهانبینی دارشتێکی زەینییە کە دەتوانێت لەسەر بنەمای گریمانەیەکی سەراپاگیر و یەکانگیر هەموو کێشەکانی بوونمان بۆ چارەسەر بکات؛ بەم پێیە هیچ پرسیارێک بەبێ وەڵام ناهێڵێتەوە و هەموو شتەکان دەخاتە جێگەی خۆیان. ئاسان لەوە تێدەگەین، دەستخستنی جیهانبینییەکی لەم چەشنە، یەک لە ئارەزووە ئایدیاڵەکان[2]ی مرۆڤە. وەختێک مرۆڤ ئیمان بەم جیهانبینییە

---

1 Weltanschauung. (A view of the universe).

2 Ideal wishes.

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دەهێنێت، هەست بە ئاسایش و دڵنیاییەکی زیاتر دەکات لە ژیانی، دەزانێت هەوڵ بۆ چ دەدات و چۆن بەباشترین شێوە جۆشوخرۆش[1] و خولیاکانی بەڕێوەببات.

ئەگەر «جیهانبینی» ئەمە بێت، وەڵامەکە بە نیسبەت دەروونشیکارییەوە ئاسانە. دەروونشیکاری، وەک زانستێکی پسپۆڕانە و لقێک لە دەروونناسی ـدەروونناسیی قوواڵیی[2] یان دەروونناسیی نەست[3]ـ، هەرگیز ناتوانێت جیهانبینییەکی تایبەت دابتاشێت: ناچارە ملکەچی جیهانبینیی زانستی بێت [ئەو جیهانبینییەی وا زانست پێشکەشی دەکات]. بەڵام جیهانبینیی زانستی پێشوەختە جودایە لەم پێناسەیەی ئێمە. خۆ ڕاستە زانستیش باس لە ڕاڤەیەکی یەکانگیر دەکات بۆ جیهان؛ بەڵام لێرەدا تەنها چەشنی پرۆگرامێکە و بەدیهاتنی دواخراوە بۆ ئایندە. جیا لەوەش، [زانست] هەڵگری چەند خەسڵەتێکی نەرێنییە، خۆی سنووردارکردووە بۆ ئەو شتانەی لە ئێستەدا شیاوی زانینن، هەروەک بەشێوەیەکی گردەبڕ چەندەها ڕەگەز ڕەتدەکاتەوە کە پێی نامۆن. بانگەشەی ئەوە دەکات، هیچ سەرچاوەیەکی دیکە نابینێنەوە بۆ ئاشنابوون بە جیهان، جگە لە کۆششی زەینی، یاخود سەرنجدان و تێبینیکردنی ورد؛ بەدەربڕینێکی تر، توێژینەوەی ورد. واتە هیچ زانینێکمان چنگ ناکەوێت لەڕێی وەحی[4] و سوسە [حدس][5] و پێشگوییەوە[6]. وا دیارە لەم چەند سەدەیەی دواییدا، ئەم ڕوانینە جێی ڕەزامەندی

1 Emotions.

2 depth-psychology.

3 psychology of the unconscious.

4 Revelation.

5 Intuition.

6 Divination.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

زۆرینە بووبێت. ڕەنگە ئەرکی هاوچەرخەکانمان بەرزکردنەوەی ئالای ڕەخنە بێت دژ بەم لوتبەرزییە، ڕوون و ڕەوان بڵێن ئەم جیهانبینییە بێهودە و نادڵگیرە؛ گوێ نادانە بانگەشە زەینییەکان و پێویستییە دەروونییەکانی مرۆڤ.

ناکرێت ئەم ڕەخنەیە بەتوندی ڕەتبکرێتەوە. هیچ بناغەیەکی نییە، چونکە زەین و دەروونی مرۆڤ وەک هەر شتێکی دیکەی نامرۆیی ئوبێکتن بۆ توێژینەوەی زانستی. لەم خاڵەدا، دەروونشیکاری مافێکی تایبەتی هەیە تا وەک وتەبێژی جیهانبینیی زانستی خۆی نمایش بکات، چونکە ناکرێت پێگەی دەروون لە چوارچێوەی جیهاندا نادیدە بگیرێت. لێرەدا بەشداریی دەروونشیکاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی توانی ڕووبەری توێژینەوە زانستییەکان فراوانتر بکات تاوەکو بواری دەروونییش بگرێتەوە. حاشاهەڵنەگرە، بەبێ ئەم دەروونناسییە، زانست دەسکورت و ناکامڵ دەبوو. بەڵام ئەگەر پشکنینی کارکردە زەینی و جۆشوخرۆشییەکانی مرۆڤ (یان حەیوان) بخەینە چوارچێوەی زانستەوە، ئەوکات دەبینین گۆڕانێکی ئەوتۆ لە ڕەفتاری گشتیی زانستدا ڕووینەداوە، هیچ سەرچاوەیەکی نوێی زانین و هیچ میتۆدێکی نوێی توێژینەوە نەهاتۆتەبوون. ئەگەر سوسە و پێشگۆیی بەڕاستی هەبووبان، دەیانتوانی ئەم ڕۆڵەمان بۆ بگێڕن [ببنە سەرچاوە زانین و میتۆدی نوێ]، بەڵام بێ دوودڵی دەتوانین لەڕیزی وەهم و بەدیهاتنی خەیاڵییانەی ئەنگێزەکان پۆلێنیان بکەین. بەئاسانی درک بەوە دەکەین، ئەم داوایە بۆ داتاشینی جیهانبینییەک، بناغەکەی تەنها جۆشوخرۆشە. زانست تێبینی ئەو ڕاستییە دەکات، دەروونی مرۆڤ ئەم داوایانە دەخوڵقێنێت، هەروەها ئامادەیە بۆ پشکنینی ڕیشە و سەرچاوەی ئەم داوایانە، بەڵام بچوکترین هۆکار نادۆزێتەوە تا

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library